لە کۆگا یەکی چەک و تەقەمەنیی تەقینەوەیەک رووویدا و بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون

ئەوارەی رۆژی پێنجشەممە (28ـی ئەیلولی 2023) لە کۆگا یەکی چەک و تەقەمەنیی تەقینەوەیەک رووویدا و بەوهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون، ئەمەش لەکاتی پاککردنەوەی کۆگا یەکە لەناو بارەگای فەرماندەیی سپیلک، گوللە تەپکە تەقیەوە.

تەقینەوەکە لە کاتژمێر شەشی ئەوارەی ئەمڕۆ ڕوویداوە و لەوبارەیەوە تاریق هەرنی فەرماندەی سپیلک ڕایگەیاند: ئەو پێشمەرگانەی بریندار بوون ساچمەی گوللە تەپکەکیان بەرکەوتووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی خەلیفان کراون بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر.